ئەنجومەنی نوینەران بەرنامەی کاری دانیشتنی پەرلەمان بۆ سبەی یەکشەممە راگەیاند

فەرمانگەی ڕاگەیاندنی ئەنجومەنی نوێنەران لەبەیاننامەیەکدا رایگەیاند:- کارنامەی دانیشتنی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ سبەی یەکشەممە بڵاوکردەوە کەتیایدا گفتوگۆ و خوێندنەوە لەسەر چەند پرۆژە یاساو ڕاپۆرتی لیژنەکان دەکات لەوانە

خوێندوەی یەکەم بۆ پرۆژە یاسای ناوەندی لێکۆڵینەوەی خەرجیەکان و خوێنەوەی یەکەم بۆ پرۆژە یاسای سەندیکاکانی کرێکاران و گفتوکردن لەسەر ڕاپۆرتی خوێنەوەی دووەم بۆ پرۆژە یاسای ڕەتکردنەوەی بڕیارەکانی ئەنجومەنی بەناو شۆرشی لەناوچووی بەعس ، هەروەها گفتوگۆکردن لەسەر ڕاپۆرتی خوێندنەوەی دووەمی پرۆژە یاسای هەمواری دووەمی تۆڕی ڕاگەیاندنی عێراقی ژمارە ٢٦ ساڵی ٢٠١٥ .